# کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن؛ هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدا

**پێنووس**

“کۆنفرانسی ئاسایشی میونشنی ٢٠٢٤” (لە ١٦ تا ١٨ی ئەم مانگە) هەروەکوو جاران شوێنی باس و گفتوگۆی ئاستبەرز بوو، کە لەنێوان بەرپرسە باڵاکان و کاربەدەستە دەستڕۆیشتووەکانی جیهان بەڕێوە چوو. گەرچی کۆنفرانسی میونشن شوێنی بەیەکگەیشتنی حوکمڕانان و کارناسانە، هەروەها جێی ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بە پرسە سەرەکییەکانی ئێستا و داهاتووە، بەڵام وەکوو “بازاڕی ئایدیاکان”یش سەیری دەکەن. کۆنفرانسی میونشن سەرەڕای بەرنامە و پلانی سەرەکی بۆ کاروبارە سێ ڕۆژییەکەی خۆی، بە دانیشتن و چاوپێکەوتنە پەراوێزەکانی، هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕاگەیاندنە جیهانییەکانیش بەناوبانگە، کە هەم دەرفەت چێ دەکەن بۆ گەیاندنی پەیامە سەرەکییەکان و هەمیش مەیدانێکی کراوە، بەرفراوان و پڕ لە دەرفەتە بۆ بەشداربووە ڕەسمییەکان تا “لۆبیگەری”ی تێدا بکەن. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو کۆنفرانسە ڕێک ئەوەیە کە دەڵێت: “ئێمە میوانەکانمان هان دەدەین کە لەناو کۆنفرانسەکە یان لە دەرەوەی کۆنفرانسەکەدا پەیوەندییان پێکەوە هەبێت و لێک فێر بن.” بۆیە “کۆنفرانسی ئاسایشی میونشنی ٢٠٢٤”، لەو ڕوانگەیشەوە دەرفەتێکی جیهانییە بۆ هەرێمی کوردستان وەکوو هاوکێشە و یەکەیەکی نادەوڵەتی کە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیی دەکات، هەر لەوێوە و ڕاستەوخۆ دەستی بە نوێنەری زلهێزەکان و دەوڵەتان ڕادەگات و، باس لە پرسە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.



**“هەینی” (١٦-٢-٢٠٢٤) بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆ بووەوە.**

هەرچەندە بەشداری و بانگهێشتی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بۆ کۆنفرانسە ئابووری، ئاسایشی، سیاسی و تەنانەت دامەزراوە، کۆنگرە و کۆنفرانس و ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان لە هەموو بارودۆخێکدا گرنگیی تایبەتی هەیە لە سیستەمێکی جیهانیی دەوڵەت-تەوەردا، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان کە بە چەندان هۆکار لە ئێستادا ئەم کۆنفرانسە- کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێیدا بەشدار بوو- واتایەکی تایبەتی هەبوو، بۆ نموونە:

- جەنگی ئۆکراینا-ڕووسیا هێشتا کۆتایی نەهاتووە و ئاسۆی چارەسەرییەکان بۆ ئەمریکا و ڕۆژاواییەکان ناڕوون و مەترسیدارن. لەم نێوەندەیشدا ئەم جەنگە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە سەرنجی ئەو ئەکتەرانەی کە بەشدار بوونە لە دروستکردن و پاراستنی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەم جەنگە بێت و هەر ئەمەیش دەرفەتی بۆ ئەکتەرە نەیارەکانی کورد لە ناوچەکە هێناوەتە ئاراوە کە گوشارەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە و هەڕەشە لە دەسکەوت و مانەوەی بکەن، یان لانی کەم لاواز و لەرزۆکی بکەن. بۆیە بەشداری لەم کۆنفڕانسەدا دەتوانێت جارێکی دیکە ئەو دەرفەتە بداتە هەرێمی کوردستان کە وەک بەشێک لە سیستەمی ئاسایشی هەرێمایەتی لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و پێکدادانداا بتوانێت خۆی گرێ بداتەوە بەو سیستەمەوە و، سەقامگیرییەکەی ببێتە بەشێک لە بەرژەوەندیی ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمایەتییەکان. ڕووداوەکانی پاش ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ لەنێوان ئیسرائیل-حەماس، ئەوەی سەلماند کە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەتوانن مەترسیی گەورە بۆ ئەکتەرە دەوڵەتییە بەهێزەکانیش

دروست بکەن و ڕۆڵیان لە تێکدانی پەیوەندییەکان و هاوسەنگیی هێز هەبێت. بۆیە ئەم ڕووداوە هەم دەرفەتە و هەمیش هەڕەشـە؛ بـەو پێیـەی کـە دەتـوانێت هەسـتیاریی دەوڵـەتـان بـۆ یەکلابـوونەوەی ئەکتەرەکـان لـە جەمسەرگیرییە هەرێمایەتییەکان بجووڵێنێت.

- پاش هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دۆخی ناوچەکە زیاتر ئاڵۆز بووە و پێکدادانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان هاتۆتە ئاراوە؛ بەم پێیەیش هەرێمی کوردستان بەهـۆی هەڵکەوتـە جـوگرافییەکەی، هەروەهـا پێگـە سیاسـی و ئاسـایشی و تەنـانەت ئـابوورییەکەیەوە، بەناڕاسـتەوخۆ بۆتـە بەشێـک لـەم جەنگـە لـە نێـوان ئەمریکـا و ئێـران لـە لایـەک و ئیسـرائیل و ئێـران و پرۆکسییەکانی لە لایەکی دیکەوە. ئەم جەنگەیش دەتوانێت هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بگۆڕێت و، هەر بۆیـە گوشارەکـان بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان هـاوتەریب لەگـەڵ هێرشـەکـان بـۆ سـەر ئەمریکییەکـان لـە ناوچەکە بەرز بۆتەوە؛ چونکە هەردوو بەرەی سەرەکیی ناوچەکە دەیانەوێت کۆتاییی جەنگەکەی نێوان میلیشیاکانی لایەنگری ئێران و ئیسرائیل بە قازانجی پێگە جیۆسیاسییەکەی خۆیان کۆتاییی پێ بێت و، هەرێمـی کوردسـتانیش لـە چوارچێـوەی بەرژەوەنـدییەکانی ڕۆژاوا و ئەمریکـا هەژمـار کـراوە. لـەم چوارچێوەیەدا، بەشداری لە کۆنفرانسی میونشن دەرفەتی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەخساند کە کۆمەڵە دیدار و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردە و بەرپرسانی هەرێمی و ڕۆژاوایی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی هاوسـەنگییەک لـە نێـوان ئـەم جەنگـە بەنـوێنەرایەتییە دروسـت بکـات و ئاسـایشی خـۆی بـە سیسـتەمە هەرێماتییەکەوە گرێ بدات.

- ڕووداو و ئاڵوگۆڕە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان ئەوە دەردەخەن کە دەوڵەتان لەم ئاڵۆزییەی ئێستای نـاوچەکە و جیهـان کەڵـک وەردەگـرن بـۆ ئـەوەی کـە بەرژەوەنـدییەکانی خـۆیـان، هەروەهـا ناکۆکییەکانیـان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە ڕێگەی سەربازی یەکلایی بکەنەوە و لە بەکارهێنانی هێزی سـەربازی سڵ ناکەنەوە. هەر بۆیە یان پشت بە هێزی سەربازیی خۆیان دەبەستن یان دەکەونە ناو هاوپەیمانی و جەمسەرگیرییەکان. لەم نێوەیشدا بۆ هەرێمی کوردستان کە دەوڵەت نییە، دروستترین ڕێگە ئەوەیە کە هەم تا بۆی دەکرێت نەبێتە بەشێک لە بەرەکان و هەمیش وەکوو ناوچەیەک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان جەمسەرەکان بمێنێتەوە. بۆیە ڕۆژاواییەکان پێویستیان بە ئەکتەرێکی لە شێوەی هەرێمی کوردستان دەبێت کە هەم بەشدار بێت لە پرۆسەی سیاسی و ئاسایشی عێراق و هەمیش جێگەی متمانەی ڕۆژاواییەکان بێت. بۆیە ئەم کۆنفرانسە دەرفەتە بۆ داڕشتنی ئەم ستراتیژییەی هەرێمی کوردستان.

- هەڕەشە و مەترسییە نوێ و بەردەوامەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئاراستەی ڕۆژاواییەکان ـ ئەورووپا دەکرێت، سەرەڕای هەڕەشەکانی بۆ خودی هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا دەرفەتێکە بۆ هەرێمی کوردستان، کە لەم ڕێگەیەوە پاراستنی ئاسایش و مانەوەی خۆی گرێ بداتەوە بە بەرژەوەندی و ئاسـایشی ئەورووپییەکـان و ئەمریکـا. بـۆ نمـوونە، پرسـی ئاسـایشی وزە، هەروەهـا ڕێگریکـردن لـە سـەرهەڵدانەوەی داعش و گرووپـە تیرۆریسـتییە هاوشێوەکـان، پرسـی کـۆچ و پەنـابەران، پرسـی ژینگـە و لێکەوتەکانی و بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و...، دەتوانێت بەشێک لەو بوار و پرسانە بن کە وا دەکات کۆنفرانسەکە گرنگی بە هەرێمی کوردستان بدات.




**"شەممە" (١٧-٢-٢٠٢٤) بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز ئامۆس هۆکستاین، گەورە ڕاوێژکاری بەڕێز جۆ بایدن سەرۆککۆماری ئەمریکا بۆ کاروباری وزە و وەبەرهێنان، کۆ بووەوە.**

- قەیرانە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان وایان کردووە کە بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەتی دەوڵەتانی ئەوروپی پەیڕەوی لە دیپلۆماسییەتێک بکەن بە ناوی Checkbook diplomacy. ئەمەیش بەو واتایە دێت کە بە هۆکاری جۆراوجۆری ناوخۆیی و دەرەکی یان بوونی ئەولەوییەتی جیاواز، نایانەوێت لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوە بگلێن، بەڵام یارمەتییەکانیان ـ تەنیا دارایی و ئابووری نییە ـ بە شێوازی جیاواز بۆ ئەکتەرە هاوبەشەکانیان بەردەوام دەبێت. هەر بۆیە ئەم کۆنفرانسە دەرفەتە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەڵک لەو دیپلۆماسییەی ئەوروپییەکان وەربگرێت.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، کاتێک کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی سیاسی و ئاسایشیی لە عێراق و بەم پێیەیش ناوچەکەدا هەیە، ئەوە دەتوانێت خۆی گرێ بداتەوە بەو دیپلۆماسییەتە و ببێتە بەشێک لە ئامانجەکانی ئەو دیپلۆماسییەتەی ڕۆژاواییەکان؛ لەم ڕێگەیشەوە بەرژەوەندیی دوولایەنە و چەندلایەنە دروست دەبێت. چونکە هەرێمی کوردستان لە ڕووی جەنگی دژی تیرۆر و بوونی هێزی پێشمەرگە (تەوەری سەبازی-ئاسایشی) و پێگە دەستوورییەکەی لە عێراق و بەشداری لە هاوسەنگیی هێز لە بەغدا (تەوەری سیاسی)، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر هاوکێشەکان هەبێ و ئەکتەر و هاوکێشەکان هاوسەنگ بکاتەوە و "ڕۆڵی هاوسەنگکەر" بگێڕێت. ئەمەیش بە بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپی و ناوچەیییەکانی ناکرێت.

**کورد لەو کۆنفرانسەدا دەتوانێت چی بکات؟**

بەشداریکردنی کورد لەم کۆنفرانسەدا دووپاتکردنەوەیە کە کورد بەردەوام بەشێك بووە لە چارەسەری کێشەکان. ئاسایشی جیهان هەر کاتێك ڕووبەڕووی مەترسی بێتەوە، ئەوە کورد ئامادەیە و ئامادە بووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم مەترسییانە (جەنگی دژی داعش/ دەوڵەتی ئیسلامی لە شام و عێراق) و وەکوو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و هاوپەیمانێکی دڵسۆزی وڵاتە هەرێمی و جیهانییەکان، هەمیشە لە گۆڕەپاندا و لە ڕیزی پێشەوەدا بووە. هەروەها بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو کۆنفرانسەدا پەیامێکی گرنگە بۆ کورد، کە ئەویش بریتییە لەوەی "کورد لە هاوکێشە ئەمنییەکانی قۆناغی داهاتوودا لە ناوچەکەدا ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی هەیە." سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو کۆنفرانسەدا ئەو پەیامەی گەیاند: "کورد هەمیشە هاوپەیمانێکی ستراتیژییە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کردە تیرۆرییەکان و بەشێکە لە سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە و جیهان." لەم چوارچێوەیەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە لە ڕووی ئەمنی و سەربازی و سیاسییەوە پاڵپشتیی وڵاتانی جیهان بەدەست بهێنێت و تا ڕاددەیەکیش لە لێدوانەکانی ئەو بەرپرسانەی کە چاویان پێیان کەوتووە، پاڵپشتیی وڵاتەکانیان ڕاگەیاندووە بۆ هەرێمی کوردستان.

هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئێستادا ڕووبەڕووی گوشارێکی بێوێنەی لایەنە سیاسییە شیعەکان بۆتەوە و، بەتایبەت لە ڕێگەی دادگەی باڵای ئیتحادییەوە هەوڵ دراوە سەرجەم دەرگەکان بەڕوویدا دابخرێت؛ بە شێوەیەك ئەم گوشارانەی بەغدا بنەما و مۆرکێکی یاسایی پێ دراوە. بۆ نموونە چەند بڕیارێکی دادگەی ئیتحادی (پەرلەمانی کوردستان، کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یاسای نەوت و گازی هەرێم و چەندان بابەتی دیکە)، کە ڕاستەوخۆ لاوازکردن یان کۆتاییهێنان بە قەوارە دەستوورییەکەی هەرێمی کوردستانی کردۆتە ئامانج. جا لە کات و ساتێکی ئاوادا (کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن) دەرچەیەکی گرنگە بۆ دەربازبوون لەم قەیران و کێشەیە، کە ئەویش بەنێودەوڵەتیکردنی کەیسی هەرێمی کوردستانە.

هەروەها سەقامگیریی عێراق، بەندە بە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، بۆیە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوان بەغدا_هەولێر یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرپاکردنی سەقامگیری لە عێراق. لەم سونگەیەوە بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم کۆنفرانسەدا پاڵپشتیی نێودەوڵەتی دابین دەکات بۆ سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەویش لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی وڵاتانی جیهان و گەرەنتیکردنی درێژەدان بە پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. هەوڵدانی ئاشکرای سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئەو پاڵپشتییە نێودەوڵەتییە لە کۆبوونەوەی گەڵ **بەڕێز ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان** جێی ئاماژەیە، کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان "ستایشی ئامادەیی و ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکاری و یارمەتییەکانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و، کار و چالاکییەکانی تیمی UNی لە عێراق بەرز هەڵسەنگاند. هەروەها بەڕێز گۆتێرێس سوپاسی **ڕۆڵی ئەرێنیی** بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستاندا کرد."




**"شەممە" (١٧-٢-٢٠٢٤) بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز جۆزێپ بۆرێل، جێگری سەرۆك و بەرپرسی باڵای کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئەمنیی کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، کۆ بووەوە.**

**دەسکەوتەکانی ئەم کۆنفرانسە بۆ دەوڵەتان و کورد دەتوانێت چی بێت؟**

گرنگترین دەسکەوت لەم کۆنفرانسە بریتییە لە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە ئەمنی و سەربازییەکان لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن؛ هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆنفرانسە کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانە، بە یار و نەیارەوە و، دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونی لایەنەکان و کارکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستەقینە لە ڕێگەی دیالۆگ و کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە. هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوا لێدوانیدا ئاماژەی بەوە دا کە پەیامەکەیان لە کۆنفرانسەکەدا بریتییە لەوەی کە "هەرێمی کوردستان لەسەر سیاسەتی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵیی عێراق بۆ چارەسەری گرفتەکان بەردەوامە" و، ئامانجی سەرەکیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم پەیامە ئەوەیە کە ئەو ڕاستییە بە جیهان و ناوچەکە و ئەو سەرکردانەی بەشداربوو لە کۆنفرانسەکەدا بگەیەنێت کەوا پێویستە یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدەن بۆ ئەوەی گرفتەکانی لە ڕێگەی دیالۆگەوە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات و بۆ سەرخستنی ئەم هەنگاوەیش، دەبێ گوشارێکی نێودەوڵەتی بخرێتە سەر دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ ئەوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکان و گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا سەر کەوێت.

**ئەو ئامانجانەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە "کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن"دا پێکای:**

- دیپلۆماسییەتێکی سەرکەوتوو بوو؛ زۆرترین جووڵە و چالاکی لە کەمترین ماوەدا.

- ئەوەی کە پێشتر لە هەوڵەکانیدا چاندبووی، بەرهەمەکەی بینییەوە.
- هەرێمی کوردستان وەک بکەرێکی نادەوڵەتیی کاریگەر مامەڵەی لەگەڵدا کرا.
- هەرێمی کوردستان ئەژمار کرا لە بەرەی ئاشتی و دژی توندوتیژی و تیرۆر و جەنگ.
- پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بوو بۆ سەرلەنوێ ڕەوایەتیدان بە سەرۆکایەتیی هەرێم و دامەزراوەکانی.
- گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان.
- ماندووبوون و قۆستنەوەی دەرفەتەکان؛ کە ئەمەیش تایبەتمەندیی کەسانی سەرکردە و دەوڵەتمەدارە.
- هەوڵێکی نێودەوڵەتی بوو بۆ دەرهێنانی هەرێمی کوردستان لەو هەڵمەتە عێراقییەی کە دەیەوێ لە ڕەهەندی نێودەوڵەتییەوە هەرێمی کوردستان گۆشەگیر بکات.

**کۆبەند**

کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئاسایش لەخۆ دەگرێت، کە نەک تەنیا سەرنج دەخاتە سەر چەمکە کلاسیکییەکەی ئاسایش- کە زیاتر پرسە سەربازییەکان دەگرێتەوە- بەڵکوو گرنگی بە ڕەهەندە ئابووری، سیاسی، ژینگەیی و مرۆییەکانی ئاسایشیش دەدات. جگە لەمانەیش، بەشێکی زۆر لەو قەیرانانەی کە بۆ کۆنفرانسەکە گرنگە و ئەولەوییەتیان هەیە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر هەڵدەدەن یان تایبەتن بەم ناوچەیە، وەکوو: جەنگی حەماس-ئیسرائیل و داهاتووی ئاسایشی ناوچەکە، ئاسایشی وزە، ئاڵوگۆڕە جیۆسیاسییەکان، تیرۆر، میلیشیا و چەکدارەکان، گۆڕانی کەشوهەوا و پرسە ژینگەییەکان، ئاسایشی ڕێڕەوە دەرییاییە بازرگانییەکان، پرسی ماددە هۆشبەرەکان، پرسی کۆچبەران و تەنانەت پرسی ئەتۆمیی ئێران و هەناردەکردنی درۆن و مووشەک بۆ ڕووسیا. لەم چوارچێوەیەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت کەڵک لە هاوکێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان وەربگرێت و پەرە بە هاوبەشییە دوولایەنە و چەندلایەنەکان بدات و لە هەمان کاتیشدا هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لە سیستەمی ئاسایشی هەرێمایەتی بۆ گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان ئامادە بکات.

**بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ئەم لینکانە بکە:**

https://securityconference.org

https://presidency.gov.krd/news

https://securityconference.org